Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080309

# لكان و جۆرەكانی لە زمانی كوردیدا

نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو

كۆلێژی هونەرە جوانەكان/ زانكۆی سەلاحەددین

**پوختە**

هەڵبژاردن و دەستنیشانكردنی ناونیشان، یەكێكە لە بابەتە هەرە گرنگەكانی لێكۆڵینەوەی زانستی، بەو واتایەی لەسەر لێكۆڵەر پێویستە بابەتێك هەڵبژێرێت، كە خۆی ئارەزووی لێ هەبێت و لەگەڵ توانا و توانستی خۆی بگونجێت. ناونیشانی لێكۆڵینەوەكەمان بریتییە لە (لكان و جۆرەكانی لە زمانی كوردیدا)، بەو واتایەی لێرەدا بەشێوەیەكی فراوان باسی لكان دەكەین لە زمانی كوردیدا.

دیاریكردنی سنووری لێكۆڵینەوە زۆر پێویست و گرنگە، تا لێكۆڵەر باسەكەی تێكەڵ و پێكەڵ نەبێت، سنووری لێكۆڵینەوەكەشمان لە زمانی كوردیدا و نموونە و دەقەكانمان لە زمانی نووسینی كوردیدا وەرگرتووە.

هەموو لێكۆڵینەوەیەك پێویستی بە ڕێباز و میتۆدێك هەیە، بۆ ئەوەی لێكۆڵەر پێوەی پەیوەست بێت، لەم لێكۆڵینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی شیكاری)مان هەڵبژاردووە، بەو واتایەی باسكردنی بابەتەكەیە.

*Article Info*

Received: June , 2021
Accepted : July ,2021
Published :October ,2021

*Keywords*

لكان و جۆرەكانی، ڕێزمانی كوردی

*Corresponding Author*

neriman.xoshnaw@yahoo.com

## پێشەکی

مەبەستی سەرەکیمان لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەشێوەیەکی فراوان و پوخت شارەزایی لە بابەتی لکان پەیدا بکەین، چونکە لە زمانی کوردیدا بە شێوەی کارەکی و پراکتیکی زۆر کەم ئاوەڕی لێدراوەتەوە.

گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگی لێکۆڵینەوەکەمان لە خستنەڕووی لایەنی کارەکی بابەتەکەیە، بەهۆیەوە نموونەیەکی زۆر لە ڕستەی ئاسایی و چیرۆك و ڕۆمانی کوردی هێناوەتەوە، بۆ ئەوەی لایەنە کارەکییەکەی ئەم بابەتە زیاتر دەربخەین.

کێشە و گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

بێگومان هەموو لێکۆڵینەوەیەك لەکاتی ئەنجامدانی، ڕووبەڕووی کێشە و گرفت دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕووبەڕووی کێشەیەکی ئەوتۆ نەبووینەوە، تەنیا ئەوە نەبێت، کە سەرچاوەکان لە دیاریکردنی جۆرەکانی لکان هەندێ جیاوازی و لێکنەچوونیان هەبوو، کە ئەمەش کاتی ویست بۆ ساغکردنەوە و یەکلاکردنەوەی لایەنی دروست و زانستیی بابەتەکە.

ناوەڕۆك و پلانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکەمان لە پێشەکییەك و دوو بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەم، کە بەناونیشانی (لکان)ە، چەندین تەوەر لەخۆدەگرێت: (چەمك و پێناسەی لکان، پەیوەندی لکان، گرنگی لکان، جۆرەکانی لکان: لکانی ڕێزمانی، لکانی واتایی، جیاوازی نێوان لکانی ڕێزمانی و لکانی واتایی).

بەشی دووەم، کە بە ناونیشانی (ئامرازەکانی لکانی ڕێزمانی)یە، چەندین تەوەر لەخۆدەگرێت: (ئاماژە، بریتیخستن، کرتاندن، بەستن)

لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکەمان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتەڕوو.

## بەشی یەکەم: لکان

1.1: چەمك و پێناسەی لکان:

لکان چەمکێکە ئاماژە بە پەیوەندییە ڕێزمانی و لێکسیکییەکانی دەقێك دەکات(ڕەحیم سورخی: 2013، 22)، یان کۆی ئەو پەیوەندییە ڕێزمانی و فەرهەنگییانەی ناو دەق لەخۆ دەگرێ، کە وا دەکات ڕستەکانی ناو دەقێك بەیەکەوە بلکێنرێ و وەك یەکەیەکی یەکپارچە و یەکگرتوو دەربان بخات. بە بۆچوونی هالیدای ئەو پەیوەندییە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ لە بەیەکەوە گرێدانی پارچەکانی دەق، وەك لکانی ڕستەکان بۆ پەڕەگراف و دەق و تێهەڵکێشانی گوتن و گفتوگۆ(Halliday and Hasan: 1976: 5).

21:پەیوەندی لکان

بەو پەیوەندییە واتاییانە دەگوترێت، کە لەنێوان پارچەکانی دەقدا هەیە(Yule: 2006, 141)، بە بۆچوونی هالیدای و ڕوقییە حەسەن دەق دانەیەکی واتاییە، پارچەکانی بەهۆی ئامرازەکانی لکانەوە وەك گشتێکی یەکپارچە و پەیوەست بەیەکەوە دەردەکەوێت، کەواتە دەرکەوتن و یەکپارچەیی و یەکگرتوویی و تۆکمەیی دەق لە ڕێگەی لکانەوەیە.

1.3: گرنگی لکان

بە پەیوەندییەکانی لکان، دەق بونیاد دەنرێ، واتە یەکێ لە پێوەرە سەرەکییەکانی بونیادنانی دەق، لکانە. هالیدای لەم بارەوە دەڵێت: پەیوەندی لکان سەرچاوەی پێکهێنانی دەقە(Halliday and Hasan: 1976: 35). بەم پێیە گرنگە لکان لە بەرهەمهێنانی دەقەوە دەردەکەوێ، لکان دەبێتە هۆی دروستکردنی دەق و جیاکردنەوەی دەق لە نادەق، چونکە چەند ڕستەیەکی بەدوایەکداهاتوو، بەهۆی پەیوەندییەکانی لکان و ئامراز و شێوەکانی لکانەوە بەیەکەوە پەیوەست دەبن و دەقێکی یەکپارچە و تۆکمە بەرهەم دەهێنن. واتە لە سەرەتا ئەو توخمانە لە ڕووی ڕۆنانەوە پێکەوە ناپەیوەندیدارن، بەهۆی لکانەوە بەند و پەیوەست دەبن. بە واتایەکی تر ئەگەر پەیوەندییەکانی لکان لەنێوان ڕستەکان نەبێ، دەق بەرهەم نایێ، واتایەکی گشتگیر و پتەو نایێتە بەرهەم، ئەوکاتەش وەرگر ناتوانێ لە ئاخاوتنێك بگات، کە پەیوەندییەکانی لکانی تێدا نەبێت.

4.1: جۆرەکانی لکان

1. لکانی ڕێزمانی

لکانی ڕێزمانی ڕێگەیەکی تری لکان و بەستنەوەی بەش و پارچەکانی دەقە بە یەکترییەوە، کە گرێدانێکی دانەپاڵییە و بریتییە لە چوونە پاڵییەکی بەهێز و توندی بەشەکانی پێکهاتەی دەق. پێکەوە گرێدانی دەقیش، پەیوەندییەکی لۆژیکانەی بەکارهێنانی زمانە، کە زیاتر جەخت لەسەر چۆنیەتی پێکهاتەی دەق دەکاتەوە، بەو پێیەی دەق یەکەیەکی واتاییە، نەك جەخت لەسەر واتایی دەق بکاتەوە. لکانی ڕێزمانی جۆرە بەردەوامییەك بە دەق دەدات و پەیوەندی نێوان پارچەکانی دەق بەهێز دەکات، و گرنگترین ڕەگەزێشە کە دەقایەتی پێ دێتە بەرهەم، چونکە دەبێتە هۆی پێکەوە گرێدانی بەشەکانی دەق بە یەکترییەوە(سعد صهیب: 2010، 16).

واتە لکانی ڕێزمانی بەهۆی کۆد و ئامرازی ڕێزمانییەوە دەبێ، کە قسەکەر یان نووسەر و خاوەن دەق بۆ لکانی ڕستەکانیان پێکەوە بەکاریان دەهێنن، لە هەمان کاتیشدا گوێگران و خوێنەرانیش چاوەڕوانی ئەوەن، بەهۆی ناسینەوەی ئەو کۆد و ئامرازە ڕێزمانییانەی بەکارهاتوون، دەقێکی لکێنراو و تۆکمە بکەوێتە بەرگوێ و بەرچاویان(تەلان محەمەد عومەر: 2017: 57).

گرنگترین هۆکارەکانی یان ئامرازەکانی لکانی ڕێزمانیش بریتیین لە: (ئاماژە، بریتیخستن، بەستن، کرتاندن).

2. لکانی واتایی

لکانی ڕێزمانی (Cohesion) و لکانی واتایی (Coherence) شوێنێکی گرنگ لە لێکۆڵینەوە زمانییەکانی تایبەت بە دەق داگیر دەکەن، بە تایبەتی لە بواری شیکردنەوەی دەق و گوتار و بواری ڕێزمانی دەقدا، ئەگەر (Cohesion) لەڕێگەی وشەکان و لایەنی ڕێزمانی بەشەکانی دەقەوە بێت، ئەوا چەمکی لکانی واتایی (بەندکردنی واتایی یان دەقایەتی) بریتی دەبێت لە پێکەوە گونجان و چوونە ناویەکی بەشەکانی دەقێك لە ڕووی لۆژیك و واتاوە، واتە بەندکردن (Coherence) پێکەوە لکانی لۆژیکی و واتایی بەشە کانی دەقێك یان گوتارێك دەگرێتەوە. (Yule: 2006, 126)، ئەمەش شتێك نییە لەڕێگەی فۆڕمی وشەکانەوە بێتە کایەوە، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بە دە وروبەر و بەکارهێنانەوە(کەلتور، کات، شوێن، زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر، زانیاریی دونیایی،...)، کەواتە(Coherence) لکانێکی واتایی پراگماتیکی بەشەکانی دەق و گوتارە، بەندکردنی واتایی (لکانی

واتایی) بەرجەستە نابێت، تا هەموو ڕستەکانی دەق ڕۆڵیان لە بەرە وپێشبردنی بیرۆکەی سەرەکیی دەقەکەدا نەبێت: (شێرکۆ حەمەئەمین: 2009، 95).

بە بۆچوونی (ڤان دایك)، لکانی واتایی (Coherence) بە چەند شێوەیەك دەبێت لە پرۆسەی لکانی واتاییدا، دیاردە پراگماتیکییەکانی وەك (کردەی قسەیی، گریمانەی پێشەکی، لێکەوتە، بنەمای هاریکاری،... هتد)، ڕۆڵی بە رچاو دەگێڕن لە بەندکردن و پێکەوەگرێدانی واتایی نێوان بەشەکانی دەق و گوتار. لە سەرێکی ترەوە، لە هەندێ باردا، پێشخستن و دواخستنی واتایش ڕۆڵ لە پتەوی دەقدا دەبینێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی دەقایەتی.

لە دەقدا کەرەسەکان هەریەکەیان چەند تایبەتمەندییەکی خۆیان ون دە کەن و چەند گۆڕانەکیان بەسەردا دێت، لە ئەنجامدا کار لە یەکتر دەکەن و تۆڕێکی واتایی بۆ گەیاندنی مەبەست پێکدێنن. ڕێکەوتنە واتایی و ڕێزمانیش مەرجی گرنگی پتەوی دەقن، چونکە ئەو ڕێکەوتنە واتایی و ڕێزمانییە، جۆرە بەردەوامییەك بە دەق دەبەخشێت و وا لە ڕستە و بەشە کانی دەق دەکات، کە هەر یەکێکیان بەردەوامی ڕستەی پێشووتری بێت و پەیوەندیشیان بە ڕستەی داهاتوو هەبێت، بەمەش لە ڕستە نوێیەکاندا ڕە چاوی زانیاریی نوێ دەکرێ، بۆ نموونە:

ئازاد خانووەکەی نەکڕی، تا نەیزانی پێویستییەکی گرنگی ژیانە.

لەم دەقەدا، بەشی یەکەمی دەقەکە ئەگەر بەشی دووەمی لەگەڵدا نەبێ(ئازاد خانووەکەی نەکڕی)، ئەوا واتای ئەوە دەبەخشێت کە ئازاد خانووەکەی نەکڕیوە، بەڵام کە بەشی دووەمی دەقەکە دەبەستینەوە بە بەشی یەکەم و پێکهاتەیەکی نوێ دروست دەبێت، بەمەش واتای دەقەکە پێچەوانە دەبێتەوە و دەقەکە بە واتای ئەوە دێت، کە (ئازاد خانووەکەی کڕیوە)(عەبدولواحید موشیر دزەیی: 2009، 68).

دەبێت لە دەقدا ڕەچاوی هەماهەنگی واتایی و یەکێتی بابەت بکرێت، چونکە تایبەتمەندییەکان بەپێی دەوروبەر و کات و شوێن و کەلتور دە گۆڕێت، بۆ نموونە نابێت لە کاتی پرسەدا، بڵێیت (هەموو ساڵێکتان لە خۆشیدا بێت)، یان ناتوانین لە ئاهەنگی هاوسەرگیریدا بە بووك و زاوا بڵێین (بە خۆتان خۆشبن)، یان کە باس لە نەخۆشی یەکێك دەکەین، دە بێت باس لەوە بکەین کە نەخۆشییەکەی چییە؟ چ شوێنێکی بە ئازارە؟ چۆتە لای چ دکتۆرێك؟ دکتۆر چی پێ وتووە؟... هتد، نەك باس لە درێژی باڵا و سووری پرچی و جوانی و... هتد، بکەین و باس لە ساڵ و شوێنی لەدایکبوونی بکەین، چونکە ئەمانە هاوشانی بابەتەکە نین.

1.5: جیاوازی نێوان لکانی ڕێزمانی و لکانی واتایی

لەناو زمانەوانەاندا، مشتومڕێکی زۆر لەسەر پەیوەندی نێوان لکانی ڕێزمانی (Cohesion) و لکانی واتایی (Coherence) هەیە، هەندێك پێیانوایە پێویستە جیاوازی لەنێوان ئەم دوو دووانەدا بکرێ، و هەندێکی تر پێیانوایە ئەمانە یەکن و خاڵی لەیەکترچوونیان گەلێك زۆرە.

(سوبحی ئیبراهیم) پێیوایە، هەردوو زاراوەکە پەیوەستن بە لکانی دەق و دە بێت بە یەکەوە باس بکرێن، و هەردوو زاراوەکە بە زاراوەی (لکان) بدرکێنرێت و بکرێت بە دوو بەشەوە (زاهر بن مرهون: 2010، 70):

1. لکانی شێوەیی: ئەم بەشە گرنگی بە پەیوەندی لکان و چوونە ناویەکی شێوەیی نێوان بەشەکانی دەق دەدات و پەیوەستە بە ئاستی سەرەوە.

2. لکانی واتایی: ئەم بەشەی لکان، لە سەرێکەوە گرنگی بە پەیوەندی پێکە وە گرێدان و چوونە ناویەکی واتایی نێوان بەشەکانی دەق و گوتار دەدات، و لەسەرێکی ترەوە گرنگی بە پەیوەندی دەقەکە و دەوروبەر و چوارچێوەی هەڵوێستەوە دەدات، کەواتە هەردوو بەشەکە ئەرکیان بریتییە لە بەستنە وەی بەشەکانی دەق بە یەکترییەوە، بەڵام یەکێکیان بەستنەوەیەکی شێوە یییە و ئەویتریان بەستنەوەیەکی واتایی پراگماتیکییە، مەبەست لێیان بەردە وامییە لە دەقدا.

(دیبوجراند)یش، وای دەبینێ، کە زۆر بەسوودە جیاوازی لەنێوان (Cohesion) و (Coherence) بکرێت، بەو پێیەی (Cohesion) دەقێکە لە سەر بنچینەی داڕشتن دامەزراوە، بەڵام (Coherence) دەقێکە لەسەر بنچینەی گواستنەوەی زانیاری دامەزراوە، لە سەرێکی ترەوە ئەو پێیوایە، لکانی ڕێزمانی دیاردەیەکی ڕێزمانییە و لکانی واتایی دیاردەیەکی پەسەنگە رابییە. (سەرچاوەی پێشوو: 71).

کەواتە جیاوازی نێوان لکانی ڕێزمانی و لکانی واتایی بەم شێوەیەیە:

1. لکانی واتایی (Coherence): ئەو مەرجە لۆجیکی و پراگماتیکیانە دە گرێتەوە، کە بەشەکانی دەق بە یەکەوە دەلکێنێ و بە دەوروبەرەوە بەندیان دەکات، کەچی لکانی ڕێزمانی (Cohesion) ئەو مەرجە ڕێزمانی و سیمانتیکیانە دەگرێتەوە، کە بەشەکانی دەق بە یەکەوە دەلکێنێ، واتە ئە گەر پەیوەندییەکە حاڵەتی ڕێزمانی و وشەیی دروستی کردبێت، ئەوا (Cohesion)ە، وەك:

. دەتوانی بمگەیەنێتە ماڵ؟

نەخێر.

بەڵام ئەگەر پەیوەندییەکە پراگماتیك دروستی کردبوو و پەیوەندی بە دە وروبەر و لۆژیکەوە هەبێت، ئەوا (Coherence)ە، چونکە لکانی واتایی ژینگەیەکی پراگماتیکی زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگرە، وەك:

. دەتوانی بمگەیەنێتە ماڵ؟

ببورە بۆ ماڵی خوشکم دەچم.

2. بەو پێیەی لکانی واتایی بۆ دەرەوەی زمان(لۆژیك) درێژ دەبێتەوە، بۆیە زمانەوانیی دەروونیش گرنگی بە لکانی واتایی دەدات، بەڵام زمانەوانیی دە روونی بەو ڕادەیەی لکانی واتایی، گرنگی بە لکانی ڕێزمانی نادات.

3. لە لکانی ڕێزمانیدا دەبێت ئامرازەکانی بەستن یان نیشانەکانی خاڵبەندی هەبێت، بەڵام لە لکانی واتاییدا، بوون و نەبوونی ئامرازەکانی بەستن هێندە گرنگ نین.

4. لە لکانی ڕێزمانیدا زیاتر مامەڵە لەگەڵ فۆرم دەکرێت و زیاتر پەیوەستە بە ڕۆنانەوە، کەچی لکانی واتایی گرێدانێکی واتاییە و زیاتر مامەڵە لەگەڵ واتا و لۆژیك و دەوروبەر دەکرێت.

5. لکانی ڕێزمانی پەیوەستە بە ناوەوەی زمان و تواناکەی لە ئاستی سەرەوە ی دەق تێپەڕ ناکات، کەچی لکانی واتایی پەیوەستە بە دەوروبەری زمان و لە ئاستی ژێرەوەی دەقدایە.

لە کۆتاییدا، دەتوانین بڵێین هەردوو مەرجی لکانی ڕێزمانی و لکانی واتایی لە دەقدا پێویستن و هیچ یەکێکیان بە تەنیا ناتوانێت پتەوی دەق دروست بکات، هەر بۆیە هەردووکیان وەك دانەیەکی لێکدانەبڕاو، بە یەکەوە بۆ دروستبوونی دەق و تەواوی دەق گرنگن.

## بەشی دووەم: ئامرازەکانی لکانی ڕێزمانی

**1.2: ئاماژە**

ئاماژە لە بنجدا دەبێت بە دوو جۆر:

**یەکەم: دەرە ئاماژە**

ئەو وشە و کەرەسانە دەگرێتەوە، کە ئاماژە بۆ دەرەوەی دەق دەکەن و لە دەرەوەی زماندان، واتە کەسی یان شتی ئاماژەبۆکراو لە دەرەوەی زماندایە (Halliday and Hasan:1976:18).

ئەو ئاماژانە لە بنەڕەتدا بەندن بە دەوروبەرەوە، لە دەرەوەی سنووری دەقدان، بەڵام کە لێیان ورددەبینەوە پەیوەندیدارن بە دونیای دەقەوە(دی بوگراند: 2003: 332)، وەك:

کۆترەکە فڕی.

ئەحمەد ڕۆیشت.

لێرەدا وشەی (کۆتر) ئاماژەیە بۆ شتێك، کە گیاندارێکە لە دەرەوەی زماندایە، هەروەها وشەی (ئەحمەد)یش، ئاماژەیە بۆ کەسێك، کە لە دەرەوەی زماندایە.

دەرە زمانیش دوو جۆرە:

**1. دەرە ئاماژەی جووڵەیی:**

لە بەکارهێنانی ئاماژەی جووڵەییدا قسەکەر دەبێ دەست یان چاو یان سەر یان هەر ئەندامێکی تری لەش هاوبەشی ڕووداوی قسەکردن بکات، سات لەدوای سات، دەقە بە دەقە بە مەبەستی لێکدانەوە و تێگەیشتن(محمد معروف فتاح:2011: 197)، وەك:

ئەم نا ئەو با بێت.

تۆ و تۆ و تۆ وەرن ئێوە بگەڕێنەوە.

ئەم پەنجەیەم دێشی.

لەم دوو نموونەیەی سەرەوەدا بەبێ جووڵەی دەست، ناتوانین ئاماژە بە کەسەکان و بە پەنجەکە بکەین.

**2. دەرە ئاماژەی هێمایی**

لەم جۆرەی ئاماژەدا، قسەکەر پێویستی بە جووڵەی ئەندامەکانی لەش نابێت، بەڵکو چەمکی ئاماژەپێکراو لە دەوروبەردا بەدی دەکرێت، واتە تەنیا زانیاری لەبارەی کات یان شوێنی ڕووداوەکەیە. وەك:

ئەم ناوچەیە خۆشە. ( لێرەدا هێماییە، لەکوێ قسەت کرد، ئەم شوێنە دەگرێتەوە).

هەر ئێستا برۆ.

ئەوانەی باشن بیانهێنە.

ئەم نموونانە پێویستییان بە جووڵەی ئەندامەکانی لەش نییە، بەڵکو پێویستیمان بە زانینی کات و شوێن و ناسینی کەسەکە هەیە.

دەبێت تێبینی ئەوە بکەین، کە هەندێ کەرەسە چەمکی ئاماژەیان تێدایە، بەڵام لە هەندێ دەربڕیندا ئەم چەمکەیان نامینێت و مەبەستمان لە کە سێکی دیاریکراو یان کاتێکی دیاریکراو یان شوێنێکی دیاریکراو نابێت، وەك:

گرنگە پەند لە <u>دوێنێ</u> وەربگرین.

لە <u>ئێستا</u> و <u>ئەمڕۆدا</u> بژییت.

هیوات بە سبەی هەبێت.

لەم نموونانەی سەرەوەدا، کەرەسەکانی وەك (دوێنێ، ئێستا، ئەمڕۆ، سبەی) ئاماژە نین بە کاتێکی دیاریکراو.

**دووەم: دەقە ئاماژە**

دەقە ئاماژە هەموو ئەو کەرەسە زمانیانە دەگرێتەوە، کە ئاماژە بۆ کەرە سەکانی ناو دەق دەکەن، واتە پێویستی بە دەرەوەی دەق نییە و پرۆسەکە تەنیا پەیوەستە بە ناوەوەی دەق. واتە لەناو دەقدایە، داوا لە خوێنەر و گوێگر دەکرێ، هەر لەناو دەقدا بە دوای ئاماژەبۆکراوەکە بگەڕێ. دەقە ئاماژە ڕۆڵێکی چالاکی لە لکانی بەشەکانی دەقدا هەیە، کەچی دەرە ئاماژە بەشداری لە بەرهەمهێنانی دەق دەکات و زمان بە دەوروبەری دەرەوە و پێکەوە دەبەستێتەوە. (خلیل بن یاسر: 2009، 165).

دەقە ئاماژەش دوو جۆرە:

**1. دەقە ئاماژەی پێشەوە(چاو لەپێش/ ئەنافۆر)**

بریتییە لەو جۆرە دەقە ئاماژەیەی، کە تیایدا کەرەسەیەك ئاماژە بە کەرە سەیەکی پێش خۆی دەکات، کە دەبێت پێشتر ئاماژەبۆکراو بە وەرگر ناسێنرابێت، واتە کەرەسەی ئاماژەبۆکراو لە ڕستەکانی پێشووتر بەدیدە کرێت، دەقە ئاماژەی پێشەوە بەشێوەیەکی بڵاو دەبینرێت، واتە بە بەراورد لەگەڵ دەقە ئاماژەی دواوە لە پتەوی دەقدا ڕۆڵی زیاترە. (لاینز) دەقە ئاماژەی پێشەوە بە جۆرێك لە بریتیخستن دادەنێت. (شێرکۆ حەمەئەمین: 2009، 47).

واتە ئەو کەرەسانە دەگرێتەوە، کە ئاماژە بە سەرچاوەیەك دەکەن، کە لەپێشدا لەناو دەقەکەدا بەکارهاتووە و باسکراوە((لە بەشەکانی پێشووتری دەقەکە باسکراوە، دواتر بەهۆی ئاماژەدەرێکەوە ئاماژەی بۆ دەکرێتەوە)(Yule: 2006:116 )، یان بریتییە لەو بەکارهێنانەی جێناوەکان، کە ئاماژە بۆ پێشی خۆیان دەکەن(هۆگر مەحموود فەرەج:2000: 70).

دەقە ئاماژە ڕێگایەکە بۆ خۆپاراستن لە دیاردەی دووبارەکردنەوە، بەوەی وشەی ئاماژەپێکەر لەبری وشەی ئاماژەبۆکراو بەکاردەهێنرێت، لە زمانی کوردیدا دەقە ئاماژەی پێشەوە بە یەکێك لەم ئامرازانەی خوارەوە دەبێت:

**1. جێناوی کەسی**

جێناوە کەسییە جودا و لکاوەکان، لە هەموو کەرسەیەکی تر زیاتر بە شداری لە پرۆسەی دەقە ئاماژەی پێشەوەدا دەکەن، جێناوەکانی کەسی یەکەم و دووەم زیاتر دەبنە دەرە ئاماژە، بەڵام جێناوی کەسی سێیەم زیاتر لە جێناوەکانی تر ڕۆڵی دەقە ئاماژە دەبینێت و دەبێتە کەرسەی ئاماژەکەر، کەرەسەی ئاماژەپێکراویش زیاتر لە بەشە ئاخاوتنی ناودا دەبێت، وەك:

<u>ئەحمەد</u> باشترین برادەرمە، چونکە من دەگریم <u>ئەو</u> قەت پێناکەنێت.

لەم ڕستەیەدا جێناوی سەربەخۆی (ئەو) لەبری وشەی (ئەحمەد) بەکارهاتووە و کەرەسەیەکی ئاماژەپێکەرە، ئاماژەپێکراویش وشەی (ئەحمەد)ە.

<u>ئارام</u> مەبەن، لای من بەجێی بهێڵن.

لێرەدا جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك، کە (ی)یە، بەکارهێنانێکی چاولەپێش بەکارهاتووە.

2. وشەی نیشانە

جێناوی نیشانە (ئەمە . ئەمانە، ئەوە . ئەوانە) و ئاوەڵناوی نیشانە(ئەم...ە، ئەم... انە، ئەو...ە . ئەو...انە)، وەك دوو ئامرازی نیشانە ڕۆڵی بەرچاویان لە لکانی دەقدا هەیە و وەك نیشانەیەکی پراگماتیکی ئاماژە بە توخمێك دە کەن، کە لە ڕستەکانی پێشووتر ناوی هاتووە، مەبەستیش لێی دووبارەنە کردنەوەی توخمی پێشووە، ئابووریکردن و کەم سەرفکردنی وزە دوو هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەم دیاردەیەن، وەك:

قوتابی و مامۆستا بەیەکەوە لە قوتابخانەن، <u>ئەوانە</u> هەردووکیان تەواوکەری یەکترن.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا جێناوی نیشانەی (ئەوانە) ئاماژە بە (قوتابی) و (مامۆستا) دەکات.

3. ئاماژەی کات و شوێن

بەگشتی ئاوەڵکارەکانی کاتی و شوێنی ئەرکی ئاماژەکردن لە ڕستە و دەق دە بینن، ئەرکی نیشانەی شوێن بە پلەی یەکەم بەستنەوەی ڕستە و دەقە بە دەوروبەر، لەدوایشدا دەبێتە هۆی بەستنەوەی بەشەکانی دەق و پەیوە ندی لەنێوان خودی دەقدا دروست دەکات.

ئاوەڵکارەکانی کاتیش وەك ئاوەڵکاری شوێنی لە دروستکردنی پەیوەندییە کانی نێو دەقدا بەشداری دەکەن، بەڵام ئەوان کەمتر بەکاردێن، ئاوەڵکارە کانی شوێنی بە زۆری ئەمانەن: (ئێرە، ئەوا، لێرە، لەوێ،...)، ئاوەڵکارەکانی کاتیش بە زۆری ئەمانەن: (جاران، ئەوکات، پێشتر،...)، (قەیس کاکل: 2000، 81). بۆ نموونە:

هەولێر شارێکی خۆشە، لەمێژە <u>لێرە</u> دەژیم.

لەم دەقەدا، ئاوەڵکاری شوێنی (لێرە)، ڕۆڵی دەقە ئاماژەی پێشەوەی بینیوە و ئاماژە بە (شاری هەولێر) دەکات.

4. مۆرفیمی ناسراوی(هکە)

ناسراوی وشە لە ڕستە و دەقدا، بە زۆر شێوە دەبێت، وەك ناسراوی بە هۆی ئاوەڵناوی نیشانە، یان ناسراوی بەهۆی ناوی تایبەتەوە، یان ناسراوی بەهۆی مۆرفیمی (هکە) و ئەلۆمۆرفەکانی، وەك:

<u>کچەکە</u> هاتە ژوورێ و چراکەی داگیرساند.

بۆ ئەوەی (ی) بدۆزیتەوە، دەبێ سەیری پێشتر (کچەکە) بکەیت. (محمد معروف فتاح:2011: 198).

من لە <u>هەولێر</u> لەدایکبووم و <u>لەوێش</u> دەژیم.

لەم نموونەیەی سەرەوەدا، (لەوێ) ئەنافۆرە بۆ (هەولێر) دەگەڕێتەوە.

لەم دەقەدا مۆرفیمی(هکە)ی ناسراوی بۆتە هۆی دروستکردنی دەقە ئاماژەی پێشەوە، چونکە فرێزی (پیاوەکە) و (ژنەکە) ئاماژەن بۆ فرێزی (ژنێك و پیاوێك)، کە پێشووتر لە دەقەکەدا هاتبوون.

جاری واش هەیە ڕێکدەکەوێت ناوێك لە سەرەتای دەقەدا مۆرفیمی ناسراوی پێوە لکا بێت، واتە ناوی ناسراوەکە دووبارە نەبۆتەوە، تاکو بۆ پێش خۆی بگەڕێتەوە ئەمەش پەیوەست دەبێت بە زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگرەوە، چونکە کەسەکەیان شتەکە لای هەردووکیان ناسراوبووە، هەروەها مۆرفیمی (هکە) دەقەکە و دەوروبەر لەگەڵ یەك جووت دەکات و وێنەی دەقەکە دەکێشێت. (قەیس کاکل: 2000، 59 . 60)، وەك:

ئەمڕۆ خەڵکی شارەکەم دژی ڕژێمی بەعس ڕاپەڕین.

لەم دەقەدا هەرچەندە پێشتر باسی (شار) نەکراوە، کەچی مۆرفیمی ناسراوی (هکە)ی پێوە نووساوە، چونکە قسەکەر و گوێگر دەزانن ئەم شارە کام شارە.

5. ئاماژەکردن بە بەراورد:

بەراوردکردن ڕێگایەکی تری ئاماژەکردن و پتەوی دەقە و بریتییە لە بە راوردکردنی دوو شت لە ڕووی تایبەتمەندییەوە، بەوەی کە تا چەند وەکیە کن یا هاوشانن و یەکسانن، یان تا چەند لە یەکتری جیاوازن.

بە گشتی بەراوردکردن لە دەقدا دوو جۆری هەیە:

أ . بەراوردکردنی گشتی

بریتییە لەو جۆرە بەراوردکردنەی کە بەبێ مۆرفیمی بەراورد دروست دە بێت و بە زۆری دەقە ئاماژەی دواوە دروست دەکات.

ب . بەراوردی تایبەتی

ئەم جۆرەی بەراورد بەهۆی مۆرفیمی (تر)هوە دروست دەبێت، بە راوردکردنەش یان بەراوردکردنێکی چەندییە، وەك:(زیاتر، کەمتر، دوورتر، نزیکتر)، یان بەراوردکردنێکی چۆنییە، وەك (جوانتر، باشتر،...)، یان مۆرفیمی (تر) بە کەرەسەی ترەوە دەلکێت و واتای (جگە) دەدات، وەك (ساڵێکی تر، تابلۆیەکی تر، ئەوی تر، یەکێکی تر، چیتر،...)، بەراوردی تایبەتی هەردەم ڕۆڵی دەقە ئاماژەی پێشەوە دەبینێت. وەك:

((کاتێ <u>دەرگایەك</u> بە ڕووت دادەخرێت، <u>دەرگایەکی تر</u> دەکرێتەوە.

6. دەقە ئاماژەی پێشەوە بە جێناوی نادیار

جێناوە نادیارەکانی وەك (هین، شت، وانەك، کابرا، هەرامە،...)، زۆرجار لە دەقدا ئاماژە بە وشەیەکی پێش خۆیان دەکەن و دەقە ئاماژەی پێشەوە و بریتیخستن دروست دەکەن، وەك:

ڕێوی <u>مریشکەکانی</u> ماڵی خدری خواردووە، بەڵام <u>هینەکانی</u> ئێمەی هیچ لێنەکردووە.

لەم دەقەدا جێناوی نادیاری (هین) ئاماژەیە بۆ (مریشك).

7. دەقە ئاماژەی پێشەوە بەهۆی ژمارە

ژمارە وەك بەشە ئاخاوتنێکی زمان، دەشێ لە دەقدا بە یارمەتی فۆرمی ترە وە ئەرکی دەقە ئاماژەی پێشەوە ببینێ، ئەویش لە شێوەی (ئەم دووانە، هەردووکیان، لە هەردوواندا،...) دەردەکەوێت، وەك:

ئازاد زیرەکە و ڕزگار ئاقڵە، ئەم دووانە بەیەکەوە گوێ پۆلەکە پێکدێنن.

لەم دەقەدا فۆرمی (ئەم دووانە) ئاماژەیە بۆ (ئازاد و ڕزگار).

**ب . دەقە ئاماژەی دواوە(چاو لەپاش/ کەتافۆر)**

دەقە ئاماژەی دواوە بریتییە لەو جۆرە ئاماژەیەی، کە تیایدا توخمێك ئاماژە بە توخمێکی دوای خۆی دەکات، توخمی ئاماژەپێکراو پێشتر باس نە کراوە، بەڵکو لە ڕستەکانی داهاتوودا باسی لێوەدەکرێت و ناوی دێت. ئەم جۆرە بەکارهێنانەی جێناوەکان ، کە بە چاو لەدواوە ناودەبرێت، ئەو بەکارهێنانەیە کە واتاکەی بەهۆی گەڕانەوە یان چاوگێڕانەوە بۆ دواوەی جێناوەکە دەگات، بە واتایەکی تر واتای جێناوەکە بەهۆی ئاماژەدانەکەیەوە بۆ دوای خۆی بەرجەستە دەبێت(هۆگر مەحموود فەرەج:2000: 71).

دەقە ئاماژەی دواوە بە گەلێك شێوە و دەربڕینی جیا جیا پێکدێت، لەوانە: (بەم شێوەی خوارەوە، ئەمانەن، سەیری بەشی داهاتوو بکە، بریتین لە ،...)، یان هەندێ ئامراز ڕۆڵی ئەم جۆرەی دەقە ئاماژە دەبینن، وەك: (هـ کە، جێناو، بەراورد).

**1. دەقە ئاماژەی دواوە بەهۆی دەربڕینەکان**

دەربڕینەکانی وەك (ئەمانەی خوارەوە، بریتیین لە، بۆ نموونە،...)، ڕۆڵی دە قەئاماژەی دواوە دەبینن، وەك:

ئەمانەی خوارەوە پێناسە بکە...... .

هەواڵەکە ئەمەیە....

ئەگەر سەیری ڕستەی دواوە نەکەیت، واتاکەی نازانی.

**2. دەقە ئاماژەی دواوە بەهۆی مۆرفیمی(هـکە)**

ئامرازی ناسیاوی زۆر بەدەگمەن ڕۆڵی دەقە ئاماژەی دواوە دەبینێت، تەنیا لەو بارانەدا نەبێت، کە لە فرێزی ناویدا بەشداربێت و فرێزەکەش بە پاڕستەی گەیەنەر فراوانکرابێت.(قەیس کاکل: 2000، 56)، وەك:

ماڵە گەورەکەمان، کە جاران تیایدا دەژیاین، ئێستا زۆر خۆش بووەوە.

لەم دەقەدا مۆرفیمی (هـکە)ی فۆرمی (ماڵە گەورەکەمان)هـ، ئاماژە بە پاڕستەی (کە جاران تیایدا دەژیاین) دەکات.

**3. جێناو**

جێناوە کەسییە لکاو و جوداکان ڕۆڵی دەقە ئاماژەی دواوە دەبینن، بەڵام بە بەراورد بە دەقە ئاماژەی پێشەوە لە سنوورێکی زۆر تەسکدان (بەتایبە تی جێناوی جودا)، وەك:

لە کاتی شوشتنەوەی تەرمەکەیدا تاقە دینارێکی لە گیرفاندا دۆزرایەوە... ئەوسا قوتابییەکەی زانی بۆچی مامۆستا بەپێ ڕێگای کۆلێژی دەبڕی...(سابیر ڕەشید: 2005، 46). لەم دەقەدا جێناوی لکاوی (ی) لە وشەی (تەرمەکەیدا) ئاماژە بە وشەیەکی دوای خۆی دەکات، کە وشەی (مامۆستا)یە.

**4. بەراورد**

بەراوردی گشتی ئەو جۆرە بەراوردەیە، کە بەبێ مۆرفیمی بەراورد دروست دەبێت، و دیاردەی دەقە ئاماژەی دواوە دروست دەکات، بەراوردی گشتی یان لە شێوەی لێکچواندن و هاوشان بوون و جووت بوونە، یان لە شێوە ی جیاوازییە، بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر دەستەواژەکانی وەك: (وەکو، جگە ، هەمان) بەکاردێت، وەك:

خۆشەویستی وەك شەڕ وایە، دەستپێکردنی ئاسانە، کۆتایهێنانی زەحمەتە.(کارزان نوری: 2011، 102). لەم دەقەدا بەراوردکردن لە جۆری لێکچواندن لەنێوان (خۆشەویستی) و (شەڕ) کراوە و دەقە ئاماژەی دواوە پێکهاتووە.

**22: بریتیخستن**

کردەی بریتیخستن، کردەیەکە لەناو دەقدا ڕوودەدات و ڕێگایەکی تری لکانی بەشەکانی دەقە، کە بەم شێوە پێناسەکراوە: ((بریتیخستن جێگرتنە وەی کەرەسەیەکی ڕستەیە بە کەرەسەیەکی تر لە چوارچێوەی دەقدا)). (Halliday and Ruqaia Husan: 1976, 88)، ئەو کەرەسانەی لەبری کەرە سەیەکی تر دێت، (بریتیخەر . Pro – Form)یان پێدەوترێت، کە بە زۆری لە پۆلی جێناوەن یان ئاوەڵکارن، وەك: (ئەو، ئەوان، لێرە، لەوێ، ئە وسا،...هتد)، وشە بنچینەکەش، کە لە پێشووتر هاتووە، (بریتیخراو)یان پێدەوترێت.

کردەی بریتیخستن وەك کرتاندن بۆ نەهێشتنی دیاردەی دووبارەبوونەوە و خۆپاراستن لە دیاردەی هاوبەش بەکاردێت، کەرەسە بریتیخەرەکە لە شوێنی کەرەسە لابراوەکە(بریتیخراوەکە) بەکاردێت، (Quirk: 1973, 294)، لە کردەی بریتیخستندا بەهۆی پەیوەندی هاوبەشی نێوان بریتیخە ر و بریتیخراو پتەوی دەق و لکانی ڕێزمانی دروست دەبێت، چونکە پەیوە ندییەکە، پەیوەندییەکی وشەیی ڕێزمانییە، نەك پەیوەندییەکی واتایی، دە بێت کەرەسەی بریتیخەر و بریتیخراو سەر بە یەك پۆلی ئاخاوتن بن. (قە یس کاکل: 2002، 99)، وەك:

کتێبەکان بکڕە و لەناو زەرفێك دایان بنێ.

لەم دەقەدا جێناوی (یان) لەبری ناوی (کتێب)هکان بەکارهاتووە.

لە سلێمانی لەدایکبووم و هەر لەوێش دەژیم.

لەم دەقەدا ئاوەڵکاری شوێنی (لەوێش) لەبری ناوی (سلێمانی) بەکارهاتووە.

لە زۆربەی کاتدا فۆرمی بریتیخەر لە ڕووی شێوە و فۆرمەوە لە کەرەسە بنچینەکە(بریتیخراو) بچووکترە و کورترە، (وەك دەق سەرەوە)، لە سەر ێکی ترەوە، لە کردەی بریتیسختندا، هەردوو کەرەسەکە دەبێت بوونی فیزیکیان هەبێت، ئەگەر بریتیخەر بوونی نەبێت، ئەوا دیاردەی کرتاندن دروست دەبێت.

**2. جۆرەکانی بریتیخستن**

یەکەم: بریتیخستنی ناوی

کەرەسەیەك شوێنی ناوێك لە ڕستە و دەقدا دەگرێتەوە، کە پێشووتر لە سەرەتای ڕستەکەیان دەقەکە هاتووە. گەلێك کەرەسە هەن، کە لە بریتیخستنی ناویدا بەکاردێن، لەوانە:

1. جێناوی جودا

جێناوی سەربەخۆی کەسی سێیەم (ئەو، ئەوان) دەتوانن ئەرکی بریتیخەر ببینن، هەروەها دەشێ جێناوی خۆیی کەسی سێیەمیش لە کردەی بریتیخستن بەشداربێت و ببێتە کەرەسەیەکی بریتیخەر، وەك:

باوەڕت بە <u>ئازاد</u> بێت، چونکە هەر <u>ئەو</u> دەتوانێ کارەکەت بۆ بکات.

لەم دەقەدا جێناوی سەربەخۆی (ئەو) لەبری ناوی (ئازاد) بەکارهاتووە.

<u>مرۆڤە</u> نەخۆش و ماندووەکان، <u>خۆیان</u> بە سەرکەوتوو نابینن.

لەم دەقەدا جێناوی خۆیی (خۆیان) لەبری ناوی (مرۆڤ) بەکارهاتووە.

2. جێناوی لکاو

جێناوە لکاوەکان زیاتر لە چوارچێوەی ڕستەدا کاردەکەن و کەمتر هاوبەشی لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان دەقدا دەکەن، جێناوە لکاوەکان لە کردە ی بریتیخستندا یان بۆ بکەر و نیهاد دروستکردنی پەیوەندی نێوان دەقدا دەکەن، جێناوە لکاوەکان لە کردەی بریتیخستندا یان بۆ بکەر و نیهاد دە گەڕێتەوە، یان بۆ بەرکار دەگەڕێتەوە، هەروەها لە بریتیخستنی فرێزی بە نددا، ڕۆڵی چالاك دەگێڕن، وەك:

لە <u>دوژمنەکا</u>نت خۆشبە، بەڵام هەرگیز <u>ناویان</u> لەبیر مەکە.

لەم دەقەدا جێناوی لکاوی(یان) لەبری (دوژمنەکان) بەکارهاتووە.

3. جێناوی نادیار

جێناوە نادیارەکانی وەك: (هین، هەرامە، فلان، کابرا،....) دەتوانن لە دە قدا بەشداری کرداری بریتیخستن بکەن و لەبری ناوێکی پێشووی خۆیان بەکاربێن و ببنە کەرەسەیەکی بریتیخەر، وەك:

کوڕەکانی خاڵم چاوکراوەن، بەڵام هینەکانی من زۆر شەرمنن.

لەم دەقەدا جێناوی نادیاری (هین) وەك کەرەسەیەکی بریتیخەر لەبری ناوی (کوڕ) بەکارهاتووە.

4. جێناوی هەیی

فۆرمی (هی، ئی) بۆ خاوەنێتی بەکاردێت و لە ڕستە و دەقدا شوێنی ناوێك دەگرێتەوە و دەبێتە کەرەسەیەکی بریتیخەر، وەك:

ئازاد <u>کتێبەکە</u>ی دڕاوە، بەڵام <u>هی</u> من نەدڕاوە.

لەم دەقەدا جێناوی هەیی(هی) لەبری ناوی (کتێب) بەکارهاتووە.

5. جێناوی نیشانە

فۆرمەکانی جێناوی نیشانە، کە بریتین لە(ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوانە)، لە هەندێ باردا دەبنە کەرەسەیەکی بریتیخەر و لە کردەی بریتیخستندا بە شدار دەبن، بەڵام بریتیخستنەکانی ئەم جێناوانە زیاتر گوتەیین و زۆر بە کەمی لەبری ناوێك بەکاردێن، وەك:

<u>کوڕەکا</u>نم زۆر زیرەکن، تەنیا <u>ئەوە</u>م زیرەك نییە.

لەم دەقەدا جێناوی نیشانەی (ئەوە) لەبری ناوی (کوڕ) بەکارهاتووە.

6. مۆرفیمی (تر)

ئەگەر مۆرفیمی (تر) وەك ئاوەڵناوی نادیار ڕۆڵی بینی و بووە دیارخەری وشەیەکی تر، وەك: (ساڵێکی تر، ئەوانی تر،... هتد)، ئەوا وەك کەرەسەیە کی بریتیخەر لە دەقدا ئەرك دەبینێت و ئەو وشەیەی لەگەڵی بەکارهاتووە، بە وشەکانی پێش خۆی دەبەستێتەوە، بەڵام بریتیخستنەکە ناڕاستەوخۆ دەبێت و واتای (جگە) دەگەیەنێت، وەك:

چاوم بڕیبە <u>ئەستێرەکان</u>، <u>یەکێک</u>یان بە دەماغ و شەوق بوو، دیارە ئەمیان <u>لەوانی دی</u> لە ئێمە نزیکترە.(ڕەئوف بێگەرد: 1989، 57).

لەم دەقەدا (یەکێك) و (لەوانی دی) لەبری ناوی (ئەستێرەکان) بەکارهاتووە.

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە، کە مۆرفیمی تر ئەگەر بە فۆرمی (یەك) بلکێ و فۆرمی (یەکتر)ی دروستکرد، ئەوا لەبری فرێزێکی ناوی پێکهاتوو لە دوو ناو بەکاردێت و دەبێتە بریتیخەری دوو ناوەکە.

7. مۆرفیمی (ێك)

مۆرفیمی (ێك) بە هاوبەشی لەگەڵ وشەکانی وەك:(یەك، دانە، قل) ئە رکی بریتیخستنی فرێزی ناوی دەبینێ، بەڵام ئەرکەکەی سنووردارە و زیاتر هەر لەگەڵ وشەی (یەك) ئەم ئەرکە دەبینێت، وەك:

ئەحمەد دوو <u>بیبسی</u> خواردەوە و منیش <u>یەکێک</u>م خواردەوە.

لەم دەقەدا (یەکێك) کەرەسەیەکی بریتیخەرە و لەبری ناوی (بیبسی) بەکارهاتووە.

دووەم: بریتیخستنی فرێزی کاری

کار کەرەسەیەکی بنجییە و زۆر بە کەمی پرۆسەی کرتاندنی بەسەردا دێت، هەر بۆیە بریتیخستنی کار بە کەمی دەبینرێت و لە چوارچێوەیەکی زۆر تە سکدا بەدی دەکرێت.

لە زمانی کوردیدا، بە زۆری لەبری فرێزی کاری فۆرمەکانی نیشانە یان فۆرمەکانی وەك: (وانییە، واناکات، وام نەکردووە،...) بەکاردێت. (یوسف نوری: 2010، 121)، واتە کەرەسەی بریتیخەر لە بریتیخستنی فرێزی کاریدا یان بەهۆی مۆرفیمی (وا) یان بەهۆی ئامرازەکانی نیشانە دروست دەبێت، وەك:

ڕزگار <u>زۆرزانە</u>، بەڵام شێرزاد <u>وانییە</u>.

لەم دەقەدا فۆرمی (وانییە) لەبری فۆرمی (زۆرزانە) بەکارهاتووە.

سێیەم: بریتیخستنی ئاوەڵناوی

لە هەندێ باری زۆر سنووردار و تەسکدا، دەکرێ کەرەسەیەکی وەك (وا . ئەوها) لەبری ئاوەڵناو بەکاربێت، ئەمەش لەو کاتەدا دەبێت، کە ئاوەڵناوە کە لە ڕستەی پێشووتر هەبێت، وەك:

نەسرین <u>جوانە</u>، بەڵام ڕەوشتی <u>وا</u> نەبوو.

لەم دەقەدا فۆرمی (وا) لەبری ئاوەڵناوی (جوانە) بەکارهاتووە.

**چوارەم: بڕتیخستنی شوێنی**

زۆرجار لە دەقدا ئاوەڵکارەکانی وەك(لەوێ، لەوێندەرێ،...) لەبری ناوی شوێنێك، کە لە پێشووتردا ناوی هاتوو بەکاردێن و دەبنە بڕتیخەری ناوی شوێنەکە، وەك:

پار بە سەردانێکی زانستی سەردانی وڵاتی ئەڵمانیام کرد، بەڵام زۆر لەوێ نەمامەوە.

لەم دەقەدا ئاوەڵکاری (لەوێ) لە شوێنی (وڵاتی ئەڵمانیا) بەکارهاتووە.

**پێنجەم: بڕتیخستنی کاتی**

بڕتیخستنی کاتی بەهۆی ئاوەڵکارەکانی، وەك: (ئەوکات، جاران، لەم ساڵە دا،...) دروست دەبێت، کە تیایدا ئەم ئاوەڵکارانە لەبری ئاوەڵکارێکی کاتی تر، کە لە ڕستەکانی پێشووتر هاتوون، بەکاردێت، وەك:

لە ساڵی 1991 ڕاپەڕین لە کوردستان ئەنجامدرا، هەر لەم ساڵەشدا من هاوسەرگیریم کرد.

لەم دەقەدا فۆرمی (لەم ساڵەدا) لەبری (ساڵی 1991) بەکارهاتووە.

دەبێت تێبینی ئەوە بکەین، کە ئاوەڵکارەکانی کاتی و شوێنی لە دوو ڕوانگە وە لێکدەدرێنەوە، یەکەمیان ڕوانگەیەکی پراگماتیکییە و دەبێتە جۆرێك لە ئاماژە، دووەمیشیان ڕوانگەیەکی ڕێزمانییە و دەبێتە بڕتیخەری کەرە سەیەکی پێشووتر(قەیس کاکل: 2000، 143).

**شەشەم: بڕتیخستنی گوتەیی**

کردەی بڕتیخستن هەر لە سنووری وشە و فرێزدا ناوەستێت، بەڵکو زۆرجار دانەی گەورەتر لەمانەش دەگرێتەوە، کە تیایدا کەرەسەیەك لە شوێنی پاڕستەیەك یان ڕستەیەك یان گوتە و دەقێکی تر بەکاردێت، وەك:

((ڕۆژێك ئیڤان بینی چۆلەکەیەك لەسەر لقێکی ئەو درەختەی بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەمان خەریکە هێلانەی دروست دەکا، ئەمە خۆشییەکی یەکجار زۆری خستە دڵی))(وریا عومەر ئەمین: 2001، 15). لەم دەقەدا جێناوی نیشانەی (ئەمە) لەبری (چۆلەکەیەك لەسەر .......... دروست دەکا) بەکارهاتووە.

**3.2: کرتاندن**

کرتاندن دیاردەیەکی زمانییە و لە زۆربەی زمانانەکاندا بەرچاو دەکەوێت، کرتاندن دیاردەیەکی دەقییە و پەیوەستە بە ئاستی سەرەوەی زمان، چونکە ئەوەی دەکرتێندرێت، شێوە و فۆرمی سەربەخۆی هەیە.

کرتاندن، گرێدان و لکانی دەق و پتەوی دەق بەهێزتر دەکات، چونکە گرێدان و لکان لە دەقدا هاندەرێکن بۆ کورتکردنەوە و درێژەنەدان بە خستنەڕووی شتە زیادەکان.(زاهر بن مرهون: 2010، 106).

کریستاڵ دەڵێت: (کرتاندن بریتییە لە لابردنی بەشێك لە پێکهاتەی ڕستە یان دەق بە مەبەستی ئابووریکردن، یان بۆ شێواز و جوانکاری، یان بۆ جە ختکردن، کە زۆرجار کەمکردنەوە و کورتکردنەوەشی پێدەگوترێت). (Crystal: 1992, 117).

هالیدای و ڕووقییە حەسەنیش دەڵێن: (کرتاندن تێگەیشتنی شتێکە بێ ئەوەی بگوترێ) (Halliday and hasan: 1976, 144).

واتە کرتاندن بریتییە لە کرتاندنی کەرەستەیەك بەبێ گۆڕانی واتا، چونکە کرتاندن لەو کاتەدا ڕوودەدات، کە کەرەسەی هاوبەش و دووبارە لەناو ڕستەکانی دەقدا هەبێت. (بەکر عومەر عەلی: 1992، 16).

کرتاندن لە چەند بارێك ڕوودەدات، لەوانە:

1. کرتاندن هەیە لە کاتی بەستنی ڕستەکاندا دێتە ئاراوە و زیاتر لە ڕستەی لێکدراو ڕوودەدات، وەك:

من ڕۆژنامە دەخوێنمەوە و ئەو گۆڤار.

2. کرتاندنیش هەیە بەهۆی کردەی بڕتیخستنەوە دێتە ئاراوە، بەڵام ئەم جۆرە کرتاندنە زیاتر دەچێتە خانەی بڕتیخستنەوە، وەك:

. کێ کتێبەکەی بردم؟

. من وام نەکردووە.

3. کرتاندنیش هەیە بەهۆی ناسراوێتی و گشتێتی دێتە ئاراوە. (بەکر عومەر عەلی: 1992، 46 . 48)، وەك:

دهۆك و هەولێر و سلێمانی خۆشن.

لەم دەقەدا وشەی (شار) کرتێندراوە، چونکە هەموو کەسێك دەزانێت کە (هەولێر و دهۆك و سلێمانی) شارن.

دەشێ کرتاندن ناو بێت، وەك:

. نان دەخۆیت؟

نەخێر، خواردوومە.

یان دەشێ کار بێت، وەك:

. کێك دەخۆی یان بیبسی دەخۆیەوە؟

کێك؟

یان دەشێ کرتاندن پاڕستەیی و گوتەیی بێت، وەك:

. یەکەم پیتی ناوەکەت چییە؟

(ن)ە.

لە ڕێزمانی گوێزانەوەشدا، دوو جۆر کرتاندن دیاریکراوە:

1. کرتاندنی بەخورتی (Obligatory): بریتییە لەو جۆرە کرتاندنەی، کە دە بێت لە ڕستە و دەقدا بکرێت، چونکە بە نەکرتاندنی جۆرە نارێکی و نارێزمانی و لەنگییەك لە دەربڕیندا دێنێتە ئاراوە، واتە نەك هەر کرتاندە کە کار لە واتا ناکات، بەڵکو ڕستەکە چڕتر و ڕەوانتر و جوانتر دەکات و دووریشمان دەخاتەوە لە دووبارەکردنەوە و ڕستەی نارێزمانی، وەك:

. ئازاد تۆ یان دانیشە، یان تۆ بڕۆ.

. ئازاد یان دانیشە یان بڕۆ.

ڕستەی دووەم لەچاو ڕستەی یەکەم زۆر لەبارتر و گونجاوترە لە دەربڕیندا.

2. کرتاندنی بەئارەزوو (Optional): بریتییە لەو جۆرە کرتاندنەی، کە تیایدا دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی کەرەسەکە بە ئارەزووە و کرتاندنەکە نابێتە هۆی گۆڕانی واتا و ڕستەی نارێزمانیش دروست ناکات. (یوسف نوری: 2010، 82)، وەك:

. کەی دەچیت بۆ سلێمانی؟

بەیانی.

کرتاندن لەلای ڕاست و لەلای چەپی ڕستەی ناو دەقدا ڕوودەدات، بەڵام کرتاندنی لای ڕاست لە ڕستەی کوردیدا زۆر بە کەمی ڕوودەدات، بە پێچەوانەوە کرتاندن لەلای چەپدا زۆر فراوانە، چونکە کەرەستەکە لە پێشووتردا هاتووە.

کەرەسە کرتێنراوەکان

1. بکەر: ئەوەیە لە دەقدا، بکەری ڕستە بکرتێنرێت، وەك:
ئەمڕۆ بەیانی ئازاد نانی خوارد و چووە سەرکار و پاشان گەڕایەوە ماڵەوە.
لەم دەقەی سەرەوەدا (ئازاد) ئەرکی بکەری بینیوە و لە دوو شوێندا کرتێندراوە، یەکێکیان لەپێش کاری (چووە سەرکار) و (گەڕایەوە).
2. نهاد: دەشێ نهاد لە ڕستەدا بکرتێنرێت، وەك:
نەسرین ناشیرین، بەڵام زیرەکە.
لەم ڕستەیەدا (نەسرین) نهادی ڕستەکەیە و لە سەرەتای ڕستەکە هاتووە، بەڵام لە بەشی دووەمی ڕستەکە کرتێندراوە.
3. کرتاندنی کار: کار لە هەندێ باردا دەکرتێنرێت، وەك:
ئەحمەد لەفەی گەسی خوارد، بەڵام ڕزگار لەفەی مریشك.
لەم ڕستەیەدا (خوارد) کاری ڕستەکەیە و لە کۆتایی ڕستەکە هاتووە، بەڵام لە بەشی دووەمی ڕستەکە کرتێندراوە.

4. کرتاندنی بەرکار:
کامەران وانەکەی خوێند و ئەحمەدیش خوێندی.
لەم ڕستەیەدا (وانەکە) بەرکاری ڕستەکەیە و لە ڕستەکە هاتووە، بەڵام لە بەشی دووەمی ڕستەکە کرتێندراوە.

5. کرتاندنی گوتەیی یان پارستەیی
. دەڵێن گوایە کە سەرۆکی زانکۆ لادراوە.
بیستوومە.
لەم دەقەدا لە وەڵامی پرسیاری ڕستەکە، پارستەی(گوایە کە سەرۆکی زانکۆ لادراوە) کرتێندراوە.

6. کرتاندنی فرێزی بەند
((ئەگەر ئێوە یاری بۆ ڕیال مەدرید ناکەن، ئێمە یاری دەکەین)). لەم دەقەدا فرێزی بەندی(بۆ ڕیال مەدرید) کرتێندراوە.

7. کرتاندنی چەند کەرسەیەك بەیەکەوە
دەشێ دوو کەرەسە، یان زیاتر لە دوو کەرەسە، بە یەکەوە لە دەقێکدا بکرتێندرێن.
((تۆ دیارییەکەت بۆ مامۆستاکە کڕی، یان ئەو)).
لەم دەقەدا هەر چوار وشەی (دیارییەکە، بۆ، مامۆستاکە، کڕی) کرتێنراوە.

4.2: بەستن
بەستن(گەیاندن) جۆرێکی تری لکانی ڕێزمانییە، جیایە لە هەموو جۆرە کانی تری لکانی ڕێزمانی، چونکە هیچ ئاماژەیەك لەخۆ ناگرێت، تاکو بۆ پێشەوە یان بۆ دواوە بگەڕێتەوە، کە لە جۆرەکانی تری لکانی ڕێزمانی ڕوودەدا.
بەستن بەشێوەیەکی گشتی واتای پێکەوەگرێدان و کۆکردنەوەی دوو ڕەگەز دەگەیەنێت، لە زمانی ئاساییدا بە دوو جۆر دەبینرێت، بە یاریدەی ئامرازی لێکدەر و پەیوەندی، وەك: (و، هەروەها، چونکە، لەگەڵ،... هتد)، لە دەقی گوتراویشدا بەستن زیاتر لەڕێگەی هێز و ئاوازە و وەستانە وە دەبێت. لە هەموو بارێکدا و لە زمانی ئاساییدا و لە هەندێ جۆری دەقیشدا، پێکەوە بەستنەوەی دوو ڕستە یان چەند ڕستەیەك بە یەکەوە دەبێت لە سنووری لۆژیکیدا بێت، واتە دەبێت ڕستەکان لە ڕووی واتا و ئەرکی ڕێزمانییەوە لە یەکەوە نزیك بن و لەگەڵ یەکتر بگونجێن، بەڵام لە کاتێکدا چەند بیرێك بە یەکەوە کۆبکەینەوە، کە پەیوەندی لۆژیکی ئاشکرایان بە یەکەوە نەبێت، ئەمە بە لادان دادەنرێت.(هیمداد حوسێن: 2007، 53)، ئەم جۆرە بەستنەش بە زۆری لە دەقی شیعری و دەقی نوکتە دا بەرچاو دەکەوێت.
کەواتە بەستن لە دەقی نووسراودا، یا بەهۆی خستنەپاڵی یەکترییەوە، یا خاڵبەندییەوە (بەستنی بێ ئامراز)، یانیش لەڕێگەی ئامرازەکانەوە دەبێت (بەستنی بە ئامراز).
ئامرازەکانی بەستن، بەپێی ئەرکیان چەند جۆرێکن:
1. ئەرکی پێدان و زیاترکردنی زانیاری: ئامرازەکانی وەك: (و، هەروەها،... هتد)، ئەم ئەرکە دەبینن.
2. ئەرکی پێچەوانەکردن: ئامرازەکانی وەك:(بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، بە پێچەوانەوە،... هتد)، ئەم ئەرکە دەبینن.
3. ئەرکی نیشاندانی هۆ: ئامرازەکانی وەك:(چونکە، بۆیە،... هتد)، ئەم ئە رکە دەبینن.
4. ئەرکی نیشاندانی زنجیرەی کات: ئامرازەکانی وەك:(دواتر، لەپاشان، ئینجا، لەدوایدا،... هتد)، ئەم ئەرکە دەبینن.
5. ئەرکی ژماردن: ژمارە لە هەندێ باردا، ئەم ئەرکە دەبینێ و دەبێتە هۆی بەستنەوەی بەشەکانی دەق بە یەکترییەوە، وەك: (یەکەم، دووەم،... هتد)، یان لە هەندێ باردا وشەکانی وەك: (لەکۆتاییدا، دواتر،... هتد) ڕۆڵی ژماردن دەبینن.
6. ئەرکی ڕوونکردنەوە: ئامرازەکانی وەك: (بۆ نموونە، وەکو، بەتایبەتی،... هتد)، ئەم ئەرکە دەبینن.
7. ئەرکی شرۆڤەکاری یان شیکردنەوەیی: ئامرازەکانی وەك: (کە، واتا، بە واتایەکی تر،... هتد) ئەم ئەرکە دەبینن.
8. ئەرکی کورتکردنەوەیی: ئامرازەکانی وەك: (بەکورتی، بەپوختی، بە گشتی،... هتد) ئەم ئەرکە دەبینن، (محمد الاخضر: 2008، 95)، وەك:
ئەگەر گوڵ نیت، درکیش مەبە.
ئەنجامدانی هەڵەیەك تەنیا یەك چرکە دەخایەنێت، بەڵام هەوڵدان بۆ لەبیربردنەوەی تەواوی ژیانی دەوێ.

ئامرازی لێکدەری (و) و (ش) مەرج نییە لە هەموو بارێکدا، ئەرکی پێدانی زیاتری زانیاری ببینن، بەڵکو لە هەندێ باردا لەوانەیە ئەرکی پێچەوانەیی یا ئەرکی نیشاندانی زنجیرەی کات یان ئەرکی تر ببینن، وەك:
فیکە لێدرا، یارییەکەش دەستی پێکرد.

لەم ڕستەیەدا (ش) ئەرکی نیشاندانی زنجیری کاتی بینیوە.

نانم خوارد و چووم بۆ زانکۆ.

لەم دەقەدا ئامرازی (و) بەستنی کاتی دروستکردووە و ئەرکی نیشاندانی زنجیرەی کاتی بینیوە.

ئازاد نەخۆشە و ناتوانێ بچێتە زانکۆ.

لەم دەقەدا ئامرازی (و) بەستنی هۆی دروستکردووە و ئەرکی نیشاندانی هۆی بینیوە.

زۆرمان خوێند و نەگەیشتین بە هیچ.

لەم دەقەدا ئامرازی (و) بەستنی پێچەوانەیی دروستکردووە و ئەرکی نیشاندانی پێچەوانەیی بینیوە.

پێشخستن و دواخستن دیاردەیەکی تری زمانییە و لە هەندێ باردا بەهۆیەوە لکانی ڕێزمانی دێتەکایەوە، ئەم دیاردەیە پەیوەندی بە ڕیزبەندی کەرەسەکانەوە هەیە.

پێشخستن بریتییە لە پێشخستنی ئەو کەرەسەی لە ڕستە و دەقدا هەقی دواخستنی هەیە، دواخستنیش پێچەوانەی پێشخستنە و بریتییە لە دواخستنی ئەو بەشەی هەقی پێشخستنی هەیە(ئیدریس عەبدوڵلا: 2011، 79). لە دەقدا پێشخستن و دواخستن، برشت و وزەی کاریگەری و هێزی جوانی دەربڕینی وشە و ڕستەکان زیاتر دەکات، هەروەها یان بە مەبەستی زەقکردنەوەی مەبەستەکانە، یان بۆ کورتکردنەوە و جوانکارییە.

هەرچەندە لە زۆر باردا، ڕیزبەندکردنی کەرەسەکانی ڕستە و دەق لە شوێنی گونجاوی خۆیان دەبنە هۆی تێکدانی واتا و لادانی واتایی و لێڵی واتایی لە ئاستی تێگەیشتندا (جەمیلە ئەحمەد: 2008، 111)، بەڵام ڕەنگە ئەم لادانە و لێڵییەش، ببێتە هۆی دروستبوونی هەندێ جۆری دەق.

لە پێشخستن و دواخستنی کەرەسەکاندا، ئەگەر مەبەستی نووسەری لە پشت بێت، ئەوا شێوازی لادانەکە قوڵتر دەکاتەوە و زیاتر ئیحابەخش دە بێت، و زیاتر هونەرکاری تێدا بەکاردێت و کاریگەری زیاتری لەسەر وەرگردا دەبێت، پێشخستن و دواخستن یان لە(SOV)دا دەبێت، یان لە شوێنی ئاوەڵکارەکاندا دەبێت و ئاوەڵکارەکان شوێنی خۆیان دەگۆڕن، یان هەندێ جار پێشخستن و دواخستنەکە لە شێوازی لێکچواندندا دەبێت، و (لێچو) و (لەوچو) شوێنیان دەگۆڕن (هێمن عومەر: 2010، 260)، وەك:

ئافرەت بە ناو ئاو و ئاگردا دەڕوات بۆ گەیشتن بە دڵێکی میهرەبان.

ئەم دەقە دەبوایە لە شێوەی (ئافرەت بۆ گەیشتن بە دڵێکی میهرەبان، بە ناو ئاو و ئاگردا دەڕوات) بوایە.

**ئەنجام:**

1. لکانی ڕێزمان پەیوەندی لکان و چوونە ناویەکی شێوەیی نێوان بەشەکانی دەق دەدات و پەیوەستە بە ئاستی سەرەوە.
2. لکانی واتایی گرنگی بە پەیوەندی پێکەوە گرێدان و چوونە ناویەکی واتایی نێوان بەشەکانی دەق و گوتار دەدات، و لەسەرێکی ترەوە گرنگی بە پەیوە ندی دەقەکە و دەوروبەر و چوارچێوەوە دەدات.
3. هەردوو جۆری لکان ئەرکیان بریتییە لە بەستنەوەی بەشەکانی دەق بە یەکترییەوە، بەڵام یەکێکیان بەستنەوەیەکی شێوەییە و ئەویتریان بەستنە وەیەکی واتایی پراگماتیکییە، مەبەست لێیان بەردەوامییە لە دەقدا.
4. لکانی ڕێزمانی چوار جۆری هەیە: (ئاماژە، بریتیخستن، کرتاندن، بەستن)، هەریەك لەمانەش چەند جۆر و لقیان هەیە.

**سەرچاوەکان:**

یەکەم : بە زمانی کوردی

1. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا(2011)، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
2. بەکر عومە عەلی(1992)، بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر.
3. تەلان محەمەد عومەر(2017)، شیکردنەوەی دەق وتارە ئاینییەکانی ڕۆژی هەینی لە شاری هەولێر، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
4. جەمیلە ئەحمەد حسەین(2008)، شێوازی وتار لە ڕۆژنامەی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زمان، کۆیە.
5. ڕەئوف بێگەرد(1989)، هەڵۆ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.
6. ڕەحیم سورخی(2013)، شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتاری ڕۆژنامەنووسی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
7. سابیر ڕەشید(2005)، ئاوێنە، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
8. شێرکۆ حەمەئەمین(2009)، شیکارێکی گوتاری چیرۆکە هەواڵ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
9. عەبدولواحید موشیر دزەیی(2009)، کاریگەری دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
10. قەیس کاکل تۆفیق(2000)، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
11. کارزان نووری عوسمان(2011)، جوانترین وتە، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
12. محمد معروف فتاح(2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
13. هیمداد حوسێن(2007)، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی باز، هەولێر.
14. هێمن عومەر خۆشناو(2010)، شیعرییەتی دەق چیرۆکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
15. هۆگر مەحموود فەرەج(2000)، پراگماتیك و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
16. وریا عەمەر ئەمین(2001)، میوانی ئازیز . کورتە چیرۆك، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە (151 . 152).
17. یوسف نووری محەمەدئەمین(2010)، هەندێ لایەنی ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، نامەی ماستەر، بەشی کوردی/ کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

دووەم: بە زمانی عەرەبی

18. خليل بن ياسر(2009)، الترابط النص في الضوء التحليل اللساني للخطاب، ط1، دار جرجير للنشر و التوزيع، عمان . اردن.
19. روبرت دي بوجراند(2003)، النص و الخطاب و الأجراء، ترجمة: تمام حسان، عالم الكتب، القاهرة.
20. زاهر بن مرهون بن خصيف الداودي(2010)، الترابط النصي بين الشعر و النثر، ط1 ، دار جرجير للنشر و التوزيع، عمان . اردن.
21. سعد صهيب خضر(2010)، تحليل الخطاب القرآني في ضوء الاتجاه النص، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين/ كلية اللغات، أربيل.
22. محمد الاخضر الصبيحي(2008)، مدخل الى علم النص و مجالات تطبيقية، منشورات الاختلاف، ط1، الجزائر.

سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی

23- David Crystal (1992), An Encyclopedic Dictionary of Languges, blak well publishers, U.S.A.
24- Halliday. M.A.K. and R. Hasan(1976), Cohesion in English, Longaman, London.
25- Quirk. R.(1973), A University Grammar of English, London.
26- Raphael Salkie (1995),Text and Discourse Analysis, Series Editor, Richard Hudson, London and New York.
27-Yule. G.(2006), the study of Language, New York, Cambrdge University press.

**الاتساق و أنواعه في اللغة الكوردية**

أ.م.د.نريمان عبدالله خوشناو
جامعه صلاح الدين / كلية فنون الجميلة

القسم الأول: وهو تحت عنوان (الاتساق)، هذا القسم يشتمل على عدة محاور: مفهوم و تعريف الاتساق، علاقة الاتساق،أهمية الاتساق، الاتساق النحوي، الأتساق المعنى، فرق بين الاتساق النحوي و اتساق المعنى.

القسم الثانى: وهو بعنوان (أدوات الاتساق النحوي)، هذا القسم يشتمل على عدة محاور: الأحالة،الأستبدال، الحذف، وصل.

وفي ختام البحث خلصنا إلى بعض النتائج وقمنا بأعداد قائمة بالمصادر وملخص البحث باللغتين العربية والانكليزية.